# ئەوەی ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وەکو خۆشۆردنی بۆ پاکبوونەوە لە لەشگرانی، پاشان لە (ماوەی یەکەم) بچێت وەکو ئەوە وایە وشترێکی کردبێتە قوربانی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وەکو خۆشۆردنی بۆ پاکبوونەوە لە لەشگرانی، پاشان لە (ماوەی یەکەم) بچێت وەکو ئەوە وایە وشترێکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی دووەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە مانگایەکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی سێیەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە بەرانێکی کردبێتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەی چوارەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە مریشکێکی کردبێتە خێر، وئەوەی لە ماوەی پێنجەمدا بچێت وەکو ئەوە وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر، ئەگەر ئیمام دەرچوو (سەلامی کرد)؛ ئەوا فریشتەکان ئامادە دەبن وگوێ لە وتار و زیکرەکە دەگرن».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەزڵ وپاداشتی زوو چوون بۆ نوێژی هەینی ڕوونەدەکاتەوە، کاتی چوون بۆ نوێژی هەینی لە دەرچوونی خۆرەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو هاتنی ئیمام، ئەمیش پێنج ماوەیە ودابەشکردنیان بەپێی ماوەی نێوان دەرچوونی خۆر وهاتنە ژوورەوەی ئیمام وسەرکەوتنیەتی بۆ سەر مینبەری وتاربێژی، ئەم ماوانە بەم شێوەیەن: یەکەم: ئەوەی بەجوانی وکامڵی خۆی بشوات وەکو خۆشۆردنی دوای لەشگرانی، پاشان لە ماوەی یەکەمدا بچێت بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتدا ؛ وەکو کەسێك وایە وشترێکی کردبێتە خێر. دووەم: ئەوەی لە ماوەی دووەمدا بچێت ؛ وەکو کەسێك وایە مانگایەکی کردبێتە خێر. سێیەم: ئەوەی لە ماوەی سێیەمدا بچێت ؛ وەکو کەسێك وایە بەرانێکی شاخداری کردبێتە خێر. چوارەم: ئەوەی لە ماوەی چوارەمدا بچێت ؛ وەکو کەسێك وایە مریشکێکی کردبێتە خێر. پێنجەم: ئەوەی لە ماوەی پێنجەمدا بچێت ؛ وەکو کەسێك وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر. بۆیە ئەگەر ئیمام دەربچێت بۆ وتاردان، ئەوا ئەو فریشتانەی ناوی نوێژخوێنە هاتووەکان بۆ نوێژی هەینی تۆمار دەکەن یەك لە دوای یەك؛ دەوەستن لە ناو تۆمارکردن، ودێن وگوێ بۆ زیکر و وتارەکە دەگرن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee